INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# بانگەوازیٚ بۆ ریٚکخراوە  پەنابەری و ئینسان دۆست و لایەن و کەسایەتی کان

## بەریزان

هەروەك پیٚشتر رامان گەیاند  کەرۆژی  20 لەسەر 21 ی 11–2005 ، 15 پەنابەری کوردی عیراقی  لەژیر زەخت و لیدان بە کەلەپچەوە  بەرو فرۆکەخانەی لەندەن بەریٚ دەکریٚن،  پاشان بەرۆ قبرس  وە لەویٚوە جلی سەربازیان لەبەردەکەن و بەفرۆکەی سەربازی رەوانەی شاری هەولیٚر دەکریٚنەوە.

بەپیٚ پەیوەندی بەردەوام بە پەنابەرانەوە کە لەگرتووخانەکانەوە بەدەستمان گەیشتووە لە ماوەی یەك هەفتەی رابردوودا دەیان پەنابەری کوردی تر لەکاتی ئیمزاکردنی پۆلیس و یان حملەی شەوانەدا  گیراون و راپیچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان کراون  وزیاتر لە 22 پەنابەری کورد لەگرتووخانەی دەست بەسەری کۆلن برۆك راگیراون وە ژماریەکی تری زۆری پەنابەران لە گرتووخانەکانی دۆنکاسەر ودۆڤەر و کامفیلد هاوس بیٚ هیچ لیٚ پرسینەوەیەك دەست بەسەرن  وە زۆربەیان پاریٚزەریان نی یە و خەلکی سلیمانی و هەولیٚرو کەرکوك و شارەکانی تری کوردستانن و لەبەر دەم خەتەری ناردنەوەدان بۆ هەولیٚر .

ئەمە دوای برینی ریٚگی سەخت و رۆژگاری  تالٚ تا لەژیانیٚکی ئینسانی بەهرمەند بن،بەلام دەولەتی بریتانیا  بەهانەی ئەمن بوونی کوردستان وەلامی رەفز دەدات بە پەنابەرانو دوای چەند سالٚ  لەچاوەروانی هیشتنەوە ، ئیستاش  بەدور لەهەموو پرانسیپٚکی ئینسانی و پیٚچەوانە لەگەل یاساکانی نیو دەولەتی لە بارەی ماف پەنابەریٚوە کە لەگەل دەولەتانی ئەوروپا ئیمزایان لیٚداوە بەزۆر پەنابەرانی کورد دیپۆرت دەکاتەوە ،ئەم هەنگاوەی دەولەت پیٚویستی بە دەربرینی دەنگی نارەزایەتی ئازادی خوازانە و ئینسان دۆستانە بەرامبەری بووستنەوە.

## بەریزان

پەنابەرانی کورد لەبریتانیا لەبەردەم مەترسی ناردنەوەدان ،ئیٚمە لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەمپیٚنیٚکی بەرفراونمان بەریٚ خستووە بۆ بەرگرتن بەم سیاسەتە دژ ئینسانی یەی دەولەتی بریتانیا ،داواکارین بەهەر ریٚگایەك پیٚتان دەکریٚ  ئیٚوەش نامەی نارەزایەتی رەوانەی بالٚویزخانەکانی بریتانیا بکەن  داوای ئازاد کردنی ئەو پەنابەرە کوردانە بکەن و دژ بە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بن  و داوای راگراتنی سیاسەتی ناردنەوەو بەرەسمیٚت ناسینی ماف پەناپەری و ماف نیشتەجیٚ بوون بکەن بۆ پەنابەرانی کوردی عیٚراقی

**ناوی ژمارەیەك لەو پەنابەرە گیراوانە** :

| | ناو | دانیشتوی | ژمارەی کەیس |
|---|---|---|---|
| 1. | کاوە ئەحمەد سالح | سلیمانی | S-1091914 |
| 2. | ئیبراهیم علی کریم | سلیمانی | K-1184544 |
| 3. | حەسەن ئەحمەد محەمەد | سلیمانی | H-1053506 |
| 4. | هوشیار معروف | هەولیر | C-V 10579 |
| 5. | هونەر ئیبراهیم ئیبراهیم | هەولیر | 10580 |
| 6. | زانا کاکا مەند فەقی | سلیمانی | F-1053778 |
| 7. | دارەوان زار | کۆیە | C-V 10577 |
| 8. | کرمانج رەشید عزیز | کرکوك | R-1092095 |
| 9. | عبدولله علی ئەحمەد | کرکوك | A1199892 |
| 10. | ئەحمەد هیوا محمد | کرکوك | C-V 0529142 |
| 11. | ئەحمەد محەمەد صالح | سلیمانی | M-1208353 |
| 12. | جاف عمر محەمەد | جلەولا | G-1108532 |
| 13. | علی مصتفی یوسف | هەولیر | U-1062329 |

**دەتوانن وینەیەکی نامەی نارەزایەتیٚ کانتان ئاراستەی ئەم     ئەدرەسانەی خوارەوە بکەن**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk Tel:/ 07739338178 Tel:/ 07866757213 Office Tell/ 0161 234 2784

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2005-11-30

**www.federasion.org** Tel:0 7734704742